# پەیامی ڕۆژوو لە نێوان مەعریفە و ئایدۆلۆژیادا

**فاتمەعومەر ڕێشاوی**
Fatima1964_1@hotmail.com

**من لێرەدا ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان  بە دوو چەمکی کەلتور و و سیاسەتەوە گرێ دەدەم. چونکە ڕۆژووگرتن یەکێکە لەو هۆکارانەی کە مرۆڤ بە هۆیەوە خۆی لە کۆمەلێك کردار و داب و نەریت کە لەسەری ڕاهاتوە دەگێڕێتەوە. واتە گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ لای خودی خۆی و لێ پێچینەوەی کردەوەکانی و هۆشیاربونەوەی لەو نەریتانەی کە بێ بیرلێکردنەوە ئەنجامی دەدات. ڕۆژووگرتن دەبێ سیمبۆلێك بێ یان مەشقکردنێك بێ بۆ فێربونی خۆگێڕانەوە و خۆگرتنەوە لە وروژێنەرەکانی ( مثيرات ) ەکانی دەوروبەر. بۆیە بە هەلی دەزانم کە ڕەخنەی خۆم ئاراستەی کەلتورێك بکەم کە پەیامی ڕۆژووگرتن تەنها لە برسی بون و تینوبووندا دەبینێتەوە, لە جێبەجێکردنی ئەو سروتەدا  هیچ پەند و وانەیەك  لە ڕۆژانی دوای ڕەمەزاندا ڕەنگ ناداتەوە, هیچ پاشماوەیەك بەجێناهێلێ. هەروەها بە هەلی دەزانم کە ڕەخنەی خۆم ئاراستەی ئایدۆلۆژیایەك بکەم ڕۆژووگرتن بە  پیرۆز تر دەزانێ لە ژیان و بەرژەوەندی مرۆڤەکان و دەیانکاتە قوربانی – خەیال و وەهمی خۆی –.**

**ئایا  ڕۆژووگرتن تەنها خۆ برسیکردن و تینوکردنە؟**

**هیچ گومانی تێدا نیە کە ڕۆژووگرتن تەنها خۆ برسی کردن ناگرێتەوە. بۆیە پێویستە ڕووژوەوان کە هەمووکات بیر لەوە بکاتەوە ئایا برسی یان تینو بوونی من دەبێ سودی چی بێ بۆ ئەم ژیانە بۆ ئەم کۆمەلگەیە بۆ ئەم گەردوونە.  بیر لەوە بکاتەوە چۆن بتوانێ ئەو ڕۆژووگرتنەی یان ئەو خۆگرتنەوەیە لە خواردن و خواردنەوە لە کاتە جیاوازاکاندا لە کردار و هەلسوکەوتەکانی تریدا ڕەنگ بداتەوە.**

**هەروەك زۆرجار لە گوتاری دەزگا و پەروەردیارە ئایینیەکاندا دەبیسین و دوبارە و سێبارە دەبنەوە کە ڕۆژەوەوان پێویستە لە زۆر کرداری تر جگە لە (خواردن و خواردنەوە) خۆی بەدوور بگرێ تا ڕۆژانی ڕەمەزان ببێ بە جۆرێك لە ڕاهێنان و مەشق  بۆ خۆگرتنەوە و کەمکردنەوەی ئەو کردەوانەی کە زیان بە کۆمەلگە دەگەیەنن وەك:**

**⁕ درۆکردن و گالتە بە یەکتر کردن و جنێودان و شەڕکردن و توڕەبوون و دلشکانی خەلکی و زۆر خۆ خەریك کردن بە خواردن و خواردنەوە و بە جۆرێکی ناهۆشیارانە. بەلام ئایا لە واقع و پراکتایکدا چەنێك لەو حالەتەوە نزیکین و تا چەند پابەندی دەبین ؟ دیارە بۆ وەلامی ئەم پرسیارە بۆچونی زۆر هەن. بە بۆچونی من دەلێم ئەگەر ئیدیالیست ئاسۆیەك بێ کە مرۆڤ پێویستە هەمیشە چاوی تێبڕی بێ, تا بەلکو وورده وورده لێی نزیك بێتەوە, ئەوا تاك و هەم کۆمەلگەی ئێمە بە گشتی  چاوی نەبڕیوەتە ئەو ئاسۆیە کە مرۆڤایەتی هەنگاوی بۆ دەنێ !!.**

**دژواریەکی گەورە دەبینم لە نێوان خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە و ئەو گرانیەی کە لە ڕەمەزان و (جەژنیش) پەیدا دەبێ بە هۆی  خۆخەریککردنێکی  زۆر بە جۆرەکانی خواردن و ئامادەکردنیەوە. ناشرین ترین نەریت لە ڕەمەزاندا ئەو هەموو خواردەمەنی و خواردنەوە  و شرینیانەیە کە لە شاشەی تەلەفزیونە نیشان دەدرێن.**

**هەروەها لە نێوان ئەو خۆ برسیکردن و خۆ تینوکردنەو ئەو جلەو شلکردنە بۆ تاوانە دەروونیەکان ( بە هەردوو شێوەکەی کۆمەلایەتی و سیاسی)  لە دوای ڕەمەزان و لە ڕەمەزانیشدا لە کۆمەلگە ئیسلامیەکاندا. دەبینی هەموو ئامادەن ئەوەندە کاتژمێر خۆیان برسی و تینوو بکەن ( کە هەندێجار وا ڕێدەکەوێ زیانش بگەیەنێ بە لایەنی تەندروستیان) کەچی ناتوانن خۆیان بگێڕنەوە لە ئەجندە و بەرژەوەندیەکانی خۆیان کە زۆربەیان زیان بە کۆمەلگە و مرۆڤایەتی دەگەیەنن.**

**لە کۆمەلگەی ئێمەدا کە چەندین سالە ڕۆژووگرتن و پیرۆزی مانگی ڕەمەزان بە گوێی تاکەکاندا دەدرێ و ڕێژەیەکی بەرز بە ڕۆژوودەبن. کەچی هیچکات فێری ئەوە نەبوین بێورانە دان بە هەلەکانی خۆماندا بنێین و ڕووبە ڕوو داوای لێبوردن لە یەکتر بکەین. فێری ئەوەی نەکردین بۆ بەرژەوەندی گشتی بەرژەوەندی خۆمان بۆ ساتێك بخەینە لاوە, هەستکردن بە برسێتی و تینوێتی فێری ئەوەی نەکردین جارێك لە جاران ئەوەی لە خۆمان زیادە بیبەخشینە کەسێك کە پێویستی پێیەتی, فێری ئەوەی نەکردین خانوەکانمان ئەوەندە بەرز نەکەینەوە, تیشکی هەتاو لە دراوسێکەمان نەگرێ. فێری ئەوەی نەکردین تەنانەت لە ڕەمەزان و لە**

جەژنەکانیشدا لە بری ئەوەی شتومەك لە بازاردا هەرزان بکەین , گرانی دەکەین. ئەویش بە هۆی ئەو هەموو هەلپەکردنە کە دەکرێ.

زۆر کات بە بڕوامان وا بووە یان بە گوێمان دەدرێ کە بەڕۆژوو بوون لە مانگی ڕەمەزاندا دەبێتە هۆی جولانی سۆزی کەسی برسی بەرامبەر هەژاران. تکام وایە ئەگەر ویستمان باسی پەیامەکانی ڕۆژووگرتن بکەین با واز لەو خالە بێنین , چونکە لە ڕاستیدا من بەش بەحالی خۆم کاتێ سەیری واقعی ئەو کۆمەلگایانە دەکەم کە ڕێژەیەکی بەرز لە ڕەمەزاندا بە ڕۆژوو دەبێ, ئەمەندە ڕێژەی هەژاری و برسێتی بەرزە, شەرم دادەمگرێ. جگە لەوەش ئەگەر کەمێك واقعی و بوێرانە بیر بکەینەوە سادەیی ئەو بۆچوونەمان زوو بۆ ئاشکرا دەبێ چونکە مرۆڤ کاتێ برسی ئەبێ ناتوانێ لە خۆی زیاتر بیر لەکەسی تر بکاتەوە, خۆ ئەگەر زۆر تێریش بوو هەر بەهەمان شێوە دەماغی باش ناتوانێ بیر بکاتەوە .
بۆیە باشتر وایە جارێ لە بری ئەوەی هەول بدەین کە مرۆڤگەلی خۆمان بەو ئاستە ئیدیالیە بگەیەنین واتە کە برسی بوو بیر لە خەلکی برسی تر بکاتەوە, با هەول بدەین کە تێر دەبێ !! بیر لە  هەژار و برسی بکاتەوە. مەبەستم ئەوەیە مرۆڤایەتی بە گشتی و مرۆڤگەلی ئێمە بە تایبەتی کە تێریش دەبێ هەر خۆی بە برسی دەزانێ کە دەولەمەندیش دەبێ هەر خۆی بە هەژار دەزانێ. ئیتر چۆن دەگاتە ئەو لوتکە بەرزە لە  کە لە کاتی برسێتیدا بیر لە کەسانی تر بکاتەوە و سۆزی بۆیان بجولێ و دوای ئەوەش هەستێت بە ئەنجامدانی کارێك بۆ بەجێهێنان و پڕکردنەوەی ئەو سۆزە.
لەسەر ئاستی سیاسیش بە هەموو پارتەکانەوە فێری ئەوەی نەکردون ساتێك واز لە بەرژەوەندی خۆیان بێنن بۆ بەرژەوەندی گشتی.
من کە ئاوا ڕەخنە دەگرم بە ئاگام لەوەی کە زۆرێك لەوخەلك و پارتانە بە ڕۆژووش نابن  ئیتر بۆ گوناهی ئەمان بخەمە سەر ڕۆژوەوانەکان. بەلام لە وەلامدا  دەلێم ئەم ڕەخنەیە هەموومان دەگرێتەوە چونکە کاتێ دیاردەی نابەجێ و کێشەی زۆر لە کۆمەلگەدا دەست نیشان دەکرێ, ناکرێ گروپێك یان لایەنێك لەو کۆمەلگەیە جیا بکرێتەوە و بە بێ گوناه و بێ خەتا لە قەلەم بدرێن, بەلکو کۆمەلگە هەمووی هەریەك بە قەد خۆی بەرپرسیارە لەو باردۆخە.
جگە لەوەش ڕوەژوەوان گەلێك زیاترن لەوانی تر, بەم پێیەش دەبوایە کەشێك لە لێبوردەیی و خۆشەویستی یەکتر و سروشت و گەردون و ژیان لە لای ئەوانەی بەڕۆژوو دەبن ئەوانەشی بەڕۆژوو نابن,دروست بوایە.
ئەمرۆ عێراق بەتایبەتی ناوەڕاست کە نوقمی کێشەی گەندەلی و لاوازی خزمەتگوزاری و نەبونی هەلی  بۆ دەنگێ لەو دەگانەی خۆی برسی و تینوو دەکات بۆ ناتوانێ دان بە هەلە و چەوتێتی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە دا بنێ کە ئەو بارودۆخەی لێدروست بوە, کە بوەتە هۆیی نابوتکردنی ژیان و سروشت و هەرچی جوانیەك کە خوا بەم  گەردوونەی بەخشیوە. یان بە پێچەوانەوە بە ناوی ئەم مانگەوە کە بە  پیرۆزی دەزانن, سوربونیان لەسەر ئایدۆلۆژیا و خەیالەکانیان و کوشتار و کاولکردنیان زەقتر و بەهێز تر دەبێ.

یان وولاتێکی وەك فەلەستین چەندین سالە ڕێز و کەرامەتی مرۆڤ لەو ولاتەدا  پێشێل دەکرێ و بە هەمان شێوەی عێراق نوقمی خوێن و کێشەی جۆراوجۆرە کەچی دەبینی سەرکردەکانی (حەماس) دەتوانن چەند کاتژمێرێك خۆیان برسی و تینو بکەن و ئێوارەش ئەو جۆرە خواردنەی کە هەژارێك دەستی ناکەوێ, لەبەر دەستی ئەواندابێ. بەلام ناتوانن کەمێك بە خۆیاندا بچنەوە و بزانن بۆ دەبێ  هەتا دێ  گوزەرانی ئەو مرۆڤگەلەی کە ئەوان و هاوشێوەی ئەوان سەرکردایەتیان دەکەن هەر بەرەو ناهەمواری دەچێ, چۆن دەکرێ بەو ناهەمواری و نالەباریە ئوممەتێك ڕاچلەکێ وجلەوی دنیا بگرێتە دەست, بۆ ناتوانن لەو وەهم خەیالە ڕزگاریان بێ؟ بۆ ناتوانن بۆ بەرژەوەندی وولات و هاولاتیەکانیان دان بە کیانی ئیسرائیل دا بێن و لایەك بەلای کێشەی مرۆڤگەلی خۆیاندا بکەنەوە.
ئایا ئەمە جلەو شلکردن نیە بۆ ئەوەی کە دەرونیان دەیەوێ نەك ئەقلیان. ئەمڕۆ لە کۆمەلگە ئیسلامیەکاندا زۆر لە چەمکەکان ئاوەژوو بونەتەوە. لەو شوێنەی کە دەبێ لە خوا بترسین, ناترسین و لەو شوێنەی دەبێ بوێرانە لەگەل خواوەند گفتوگۆ بکەین , دەترسین . لەو کارانەی کە دەبێ زۆر لە خۆمان بکەین و ناخ و دەرونی خۆمانی بۆ بگۆڕین , خۆمانی لێنادەین, ئەو کارانەی کە ڕوالەت و  سادەن بیر لێکردنەوی ناوێ. بە دوایدا دەگەڕێین .
هەرچی سەبارەت بە خۆگرتنەوە لە وروژێنەرەکانی دەروبەر کە پێشتر ئاماژەم پێکرد, کۆمەلگەی ئیسلامی هیچ خۆگر و خۆڕاگر نیە, ئەمەش لە شێوەی وەلامدانەوە و هەلوێستیان بەرامبەر وێنەکانی پەیامبەر موحەمەد و ووتەکانی بابا بوو زۆر باش دەرکەوت. ئەو

**دوو ڕووداوه سه‌لماندیان كه تا چ ڕاده‌یه‌ك تاكی موسولمان گیرۆده‌ی داوی به‌رامبه‌ره‌كه‌یه‌تی و تا چه‌ند سۆز یاری به بیركردنه‌وه‌ی ده‌كات.**

**به بۆچونی من هۆكاری ئه‌و نارێكی دژواریه ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ چه‌ند فاكته‌رێك له‌وانه:**

*** مرۆڤ كائینێكه زوو له‌سه‌ر شت ڕادێ و په‌یامی سه‌ره‌كی كار و هه‌لسوكه‌وته‌كانی زوو زوو له بیرده‌كات. ئه‌م كاره‌كته‌ره كار له زۆر لایه‌نی ژیانی ده‌كات. یه‌كێك له‌و لایه‌نانه چه‌مكی دینداری و به تایبه‌تی سروتی ڕۆژووگرتنه.**

*** ئه‌و جۆره خوێندنه‌وه میتۆلۆجیه یه كه گوتاری ئیسلامی بۆ سروتی ڕۆژووگرتنی ده‌كات. له‌كاتێكدا باسی ڕۆژووگرتن زۆر به‌شێوه‌یه‌كی واقعی و ساده له قورئاندا هاتوه** (... كتب عليكم الصيام كما كتب على الذين من قبلكم لعلكم تتقون) **واته** (.. **خۆگرتنه‌وه له‌سه‌ر ئیوه نوسراوه, هه‌روه‌ك چۆن له‌سه‌ر كه‌سانی به‌ر له ئێوه نوسرابوو , به‌لكو ببنه خۆپارێز به ته‌قوا) .**

**بۆیه پێویسته خوێندنه‌وه‌یه‌كی نوێ بۆ ئه‌م سروته بكرێ. به ئامانجی ئه‌وه‌ی ئه‌و سروته له ئاسمانه‌وه بهێنرێته‌وه سه‌ر زه‌وی و پاداشته‌كه‌ی له غه‌یبه‌وه بگوێزرێته‌وه ناو كۆمه‌لگه و ژیانی واقعی. چونكه ( ته‌قوا ) له‌م ژیانه‌دا ئه‌بێ ڕه‌نگ بداته‌وه.**